# بەیاننامەی سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان

(( بەتوندی دژی هەر دەستێوەردانێکی ئیقلیمی لەهەرێمی کوردستان دەوەستین ))

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان، ماوەیەکە ڕۆژانە لێدوانی بەرپرسانی تورکیا لە میدیاکانی جیهانی دەبیستری سەبارەت بە هەرەشەی دەستێوەردان و هێنانی لەشکریان بۆ کوردستان، جا ئەم دەستێوەردانە لە ژێر هەر پەردەو بروبیانویەکدا بێت. بە بڕوای ئێمە هاتنی هەر هێزێکی ئیقلیمی بۆ هەرێمی کوردستان بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات و دەرفەت بە لایەنێکی دیکەش دەدات کە دەست بخاتە ناو کارو باری ناوچەکـە. هەرێمی کوردستانی عێراق هەر لە دوای ڕاپەرینی شکوداری بەهاری ساڵی ١٩٩١ وە بۆتە هەرێمێکی ئارام و سەقامگیر بۆ ناوچەکە و بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و جموجۆڵی بازرگانیش لە ناوچەکە بە تایبەتی لەگەڵ تورکیادا وە بە هۆی ڕەوشی ئابووری کودرستان و بۆندە بازرگانیەکـــــان بە سەدەها ملیۆن دۆلاریان لێ قازانج کردووە. هەر بۆیە دووپاتی دەکەینەوە لەشکرکێشی تورکیا بۆ کوردستان هیچ پاساوێکی بۆ نییە و، جگە لە زەرروو وزیان، هیچ لایەنێکیشی لێ ی سوود مەند نابێت هاوکات داواش لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و ( UN ) و کۆنگرەی ئۆپۆزیسونی عێراق و، بە تایبەتی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەین، کە فشار بخەنە سەر حکومەتی تورکیا بۆ واز هێنان لەو سیاسەتەی، کە دژی کوردستان و کێشە ڕەواکەی پیادەی دەکات.

دووپاتیشی دەکەینەوە ئێمەی گەلی کوردستان بە تێکرای دەنگ دژی هەموو داگیرکارییەك دەوەستین، وە بە ماڵ و گیا نمان ئامادەی هەموو جۆرە قوربانییەکیش بدەین لە بەرامبەر دەست تێوەردان و، لەشکرکێشی هەر هێزێکی هەرێمی کە پێی گلاوی بخاتە ناو خاکی پیرۆزی کوردستان.

بـــژی کـــورد کـــوردســـــــــــتان

مـردن و ســـەر شۆڕی بـۆ دوژمنــانــی داگــیر کــەرانــی کوردســــتان

ئە نجومەنی بالآی

سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان

٢٠٠٣/٢/٢٧